# ڕەخنەی دووەم لە حیزبێکی کوردی

## چەتوون

بەرێزێک بە ناوی بەختیار بلووری ،پاش نووسینی تەنزێکی من کە لە رووی دڵسۆزیی رەخنەیەکی زمانەوانیم لە بابەتێکی حیزبەکەی گرتبوو،تووڕە بوە و بە زبانێکی پڕ لە تانە و تەشەر و غەیر سیاسی چەند دێرێکی نووسیبوو و لەسەر ماڵپەڕی هەڵوێست دایناوە. گەرچی پاداشی دڵسۆزیی لە کەڵتووری ئیمەدا لەوە باشتر نابێت، بەڵام دیسانیش ئەم دێرانە بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتر دەنووسم.

بەرێز بلووری لە نووسینەکەیدا وایگەیاند بوو کە من لەخۆڕا و ناشارازایانە رخنەم گرتووەوە و لە ڕاستیدا شڵتاخم پێگێراون.

لەسەر ئەو ئیدیعایە من هیچ ڕوونکردنەوەیەک بە پێویست نازانم و پێموایە هەردووک نووسینەکان هێشتا لەسەر هەڵوێست ماون و خوێنەر دەتوانێ قەزاوەتی خۆی بکات.

بەڵام قسە ئەوەیە کە ئەو بەرێزە باسی هەڵە بوونی من لە باری زمانەوانی کردوە. کەچی هیچ ئیشارەیەکی بە هەڵە رێزمانیی‌یەکانی من نەکردوە،و لەوەش خراپتر مەبەستەکەی خۆشی ، کە دەیەوێ بیسەلمێنی ئەو بابەتەی کە جێگەی رەخنەی من بووە هەڵە نەبووە ؛ هەر باس نەکردوە. ئیتر رەخنەی لەچی گرتوە، پێموایە خۆشی نازانێ.

ئەڵبەت من هۆی تووڕەبوونەکەی دەزانم ،ئەویش ئەوەیە کە تەنیا لە باسەکەی من تووڕە بووە و ویستوویە شتێک بڵێ. منیش دەڵێم کاری چاکت کردوە ،بەڵام سەد بریا لەباری ڕێزمانیەوە ئەو رەستەی کە من رەخنەم لێگرتووە،خۆت یا کەسێکی کوردی زانی ناو حیزبەکەت ڕاڤەتان بکردایە، ئەوسا خۆت دەت زانی کە چەتوون چەندە هەقی بووە . بۆیە دڵنیام گەر سادقانە چاوت لە مەسەلەکەبکردایە ، لەباتی رەخنە، ئافەرینێکت بۆ دڵسۆزیی چەتوون دەنارد. ئەگەرچی شتی وا لە فەرهەنگی ئێمەدا نییە، ئەویش لەنێو ئەحزابی "سیاسی"دا !!

من لە نووسینەکەمدا باسی ئەوەم کردوە کە حیزبە سیاسی‌یەکان لەبەرابەر زمانی کوردیدا مەسئوولیەتیان هەیە و دەبێ لەمبارەوە دیقەتی زۆرتر بکەن. کەچی ئەوە نزیک مانگێکە من ئەو رەخنەیەم نووسیوە و خودا دەزانێ چەندی پێشتریش بڵاوکراوەتەوە، کەچی هێشتا وەک خۆی ماوە. وەک کەسێک بڵێین هەر لە ڕقی تۆ لای نابەین. منیش دەڵێم خودای دەکرد سەد ساڵی دیکەش ڕاتان دەگرد، کێ زەرەر دەکات؟

بۆ ئەوەی کاک بەختیار دڵنیا بکەم کە نووسینەکەی من هیچ "غەرەز و مەرەز"ی لەگەڵ نەبووە و لەبەر ئەوە حیزبە کوردیەکان باش دەناسم، بۆ دیتنەوەی هەڵە و کەمتەرخەمی دیکە، سەرێکی دیکە سایتی حیزبەکەی کاک بەختیارم دایەوە. هێشتا

دوو لاپەڕەم چاو لێنەکردبوو کە هەڵەیەکی گەورەترم دیتەوە. ئەویش گۆڕانی ناوی حزبەکەی خۆیان بوو. واتا لە سەرەوەی لاپەڕەکە حیزبەکە ناوی شتێک بوو و لە خورەوەی لاپەڕەکە شتێکی دیکە. جا نازانم ئەم جارە کاک بەختیار ئەوەش بە شلتاخ گێڕیی چەتوون دادەنێ یا بە کەمتەرخەمی و بێ دیقەتیی حیزبەکەی؟

ئاخر خۆ ئەمجارە کێشە ڕێزمانی کوردی نییە کە بایەخێکی زۆری لاتان نەبێ. کێشەی ئەمجارە ناوی حیزبەکەتانە. ئێوە کە ئەو هەموو بگرە و بەردەتان لەسەر کوردستانی بوون کرد ،چۆن ئەوەندە بێدیقەتن کە حیزبەکەتان بە حیزبێکی ئێرانی دەناسینن و داواش لە خەڵک دەکەن پێوەندیی لەگەڵ بگرێ. ئەڵبەت من ئەوەش دەزانم کە وشەی کوردستانەکە لەبیر کراوە. بەڵام بۆ حیزبێکی سیاسی ئەوە بێدیقەتی و کەمتەرخەمییە و دەبێ قەبووڵ بکات کە تاوانی زۆری لەسەر دەکەوێت.

قسەی ئاخرم بۆ کاک بەختیارەکان ئەوەیە کە تۆزێک ئیمرۆژیتر بیر بکەنەوە و کاتێک ڕەخنەیەک لە حیزبەکەیان دەبینن، هێندە تەعەسوب پێشچاویان نەگرێت کە هەقیقەت داپۆشێت.لەبەرابە ڕەخنەدا ڕەگی مل هەڵمساندن و بەمەبەستی دەمکوت کردن وەڵامدانەوە تەنیا دووری ئیمە لە دیالۆگ وبەئاشتی پێکەوە ژیان نیشان دەدات. ڕەخنەگرتن ئاوێنە و چرای تێکۆشانە.ئیمە تافەرهەنگی ڕەخنە گرتن و بە خۆدا چوونەوە فێر نەبین، ناتوانین هیچ چاکسازی و ریفورم و گۆرانێک لە خۆمان و حیزبەکانمان و کۆمەگاکەماندا پێک بێنین.

ئەوەش کلیشە ناوی گۆڕاوی حیزبەکەی کاک بەختیار. ڕەنگە ئیدیعای ئەوە بکەن کە ئەوە کۆنە و پاش کونگرە ناوکەیان گۆڕاوە. لێرە دا من دەڵێم "عوزر لە گونا بەدتەر"، دەی ئەوە ساڵ زیاترە ئەو هەڵە تانە داناوە. جا چۆن ئەو حیزبە بەو هەموو ئەندام و بەرئەندام و هەوادار و کۆمیتە و ڕێکخستنانەوە هێشتا و پاش ئەو هەموو ماوە کە ئەو هەڵە گەورەیە لەسەر ماڵپەڕەی فەرمی حیزبەکەیانە ، پێیان نەزانیوە. من هیچ ناڵیم و با خۆیان قەزاوەت بکەن.

لە سەرەوەی لاپەرەکە حیزبەکەی کاک بەختیار بەم شێوە خۆی دەناسێنی و حیزبێکی کوردستانییە:




لە خوارەوەی لاپەرەکە دەبێە حیزبێکی ئێرانی و داوادەکات پێوەندیی لەگەڵ بگرن:

پەیوەندیگرتن بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران_ڕەوتی چاکسازیو گەشە

| کۆمیتەی ناوەندیی | دەبیرخانە | پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی | ژمارە تەلەفۆنی پەیوەندییەکان |
|---|---|---|---|
| komite.nawendi@komala.eu | debirxane@komala.eu | peiwendiekan@komala.eu | ٠٧٧٠١٥٥٩٤٥٧٠-٠٧٧٠١٣١٣٢٩٥-٠٥٣٣١٩٣٧٢٩ |